# رۆشنبیر و دەسەڵات

## دیالۆگێك لە نێوان میشێل فۆكۆ و جیل دۆلۆزدا

لەعەرەبییەوە: رامان مەحمود

فۆکۆ: ماوییەک پێیوتم « باش بزانە بۆچی سارتەر لەگەڵ ئێمەدا خەباتی دەکرد و بۆچی سیاسەتی دەکرد و بە چ مانایەک دەیکرد، ئۆیش تا رادەیەک، کەمێک لەمە ئێبگە، چونکە ئۆ هەمیشە قسەت لە گرفتی دەستبەسەراگرتن کردووە، بەڵام من بە راستی لەوە ئێناگەم، ئەم پرسیارە زۆر بە لامەوە کلۆپری بوو، چونکە پرسەکە بە لای منەوە زۆر روونە.

دۆلـۆز: لەبەرئەوەی رەنگە بە شێوەیەکی نـوێ لە پەیوەندیەکانی نێوان تیۆر و کردار»مومارەسە»دا بین. پێمانوابوو، یان وەک بەرجەستەکردنی تیۆر دەمانڕوانییە کردار، یان وەک دەرەنجام و جارێکیشیان بە پێچەوانەوە وەک پێشەکیی تیۆرەکە دەمانڕوانییە کردار، یان وەک ئەوەی لە خودی خۆیدا داهێنەری فۆرمێک بێت لە تیۆر کە دواجار دێتەئارا. ئێمە بە مانایەک لە ماناکان بە شێوەیەکی گشتی لە جۆرێک فۆرمی کردەی هەمەکی یان بوونی فروانگیردا لە پەیوەندیی نێوان تیۆر و کردار تێگەیشتبووین. رەنگە بە لای ئێمەوە، پرسەکە بە شێوەیەکی جیاواز و پێچەوانە هێنرابێتە ئارا، پەیوەندییەکانی نێوان تیۆر و کردار پەیوەندیی بەش بەش و زیاتر

گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت



دابەشکراوە، لەو لایەنەوە کە ئیتر هەمیشە تیۆرێکی لۆکالیی پەیوەندە بە کایەیەکی دیاریکراوەوە و دەکرێت لە کایەیەکی تری بە ڕێژەیی دوور لە کایەکانی تریشدا بەرجەستەکاریی هەبێت. پەیوەندیی لەگەڵ بەرجەستەکردندا بەردەوام پەیوەندیی هاوشێوەبوون نییە. لە لایەکی تریشەوە، هەرهێندەی لە ئاستی تایبەتی خۆیدا دەستبەکار دەبێت، دووچاری کۆمەڵێک بەربەستی دێت، بەربەستی، وەک دیوار، وەک ئەو شوێنانەی وادەکەن بە ناچاری بکرێت بە جۆر و شێوەیەکی تر لە گوتار» ئەم جۆرەی تره کە دەبێتە هۆی گەیشتنمان بە کایەیەکی جیاواز و پێچەوانە». کردار کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەیە بۆ پرسێکی تیۆری یان هەر پرسێکی تر. تیۆریش بە هەمان شێوە جۆرێکە لە جێگرەوە لە نێوان کردار و کردارێکی تردا. هیچ تیۆرێک پەرەناسەنێت و پێناگات تا ڕووبەڕووی دیوار و لەمپەرەکان نەبێتەوە و دەبێ کردار دیوار و لەمپەرەکان تێپەڕێنێت. بۆ نموونە، تۆ شیکاری تیۆریت کردووە لە بارەی پەراوێزخستنەوە، وەک پەراوێزخستنی دەروونی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەدا، دواتر گەیشتیتە دەرەنجام بەوەی دەبێ کەسانی پەراوێزخراو خۆیان قسەبکەن، نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن، یان بە پێچەوانەوە تۆ بوویتە نوێنەری ئەوان، ئەو کەسانە لە زینداندان، لە زیندان، کاتێکیکش گروپی پرسینەوەت لە بارەی زیندانەکانەوە ڕێکخست، لەسەر ڕێسایەک بوو کە دەبێ هەلومەرج و بارودۆخێکیان بۆ دەستەبەر بکرێت، تا زیندانییەکان خۆیان لە بارەی خۆیانەوە بدوێن، بێگومان هەڵە دەبێت وەک ماویەکە مەبەستێتی کە تۆ بۆ بەرجەستەکردنی تیۆرەکانت کەوتوویتە کار، چونکە نە بەرجەستەکردن و نە پرۆژەی چاکسازی و نە نوێژینەوەی زانستی لە ئارادایە، بە مانا تەقلیدیەکەی، بەڵکو شتێکی زۆر زۆر جیاواز لە ئارادیە: سیستمێک لە چەند بەش و لقێکی تیۆری و کرداریدا هەن. بە لایەنی ئێمەوە، دیمەنەکە لێگەڕا لەوەی ببێتە بابەت، یان هۆشیاریەکی نوێنەری یان نواندن. ئەوانەیشی کە دەجووڵێن و ئیش و خەبات دەکەن نوێنەر نین، چونکە حیزب و سەندیکا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە نوێنەری هۆشیارییانە. کێ قسە و کردار دەکات و دەجووڵێت و کێ ئیش دەکات؟ بێگومان هەمیشە کەسانێکی زۆرن ئەنانەت لە نێو خودی ئەو کەسەدا کە قسەدەکات، لە کاردایە. ئێمە هەموومان گروپی دەستوەردان، یان پێکدادان و پێکادەرین. هیچ نواندن و نوێنەرایەتیەک لە ئارادانییە، تەنها کردار، کرداری تیۆریەکە و پەیڕەوکردنی پەیوەندی و تۆڕەکاندا لە ئارادایە.

**فۆکۆ:** پێموایە پێکهێنانی ڕۆشنبیر و دامەزراندنی کارێکی تەقلیدی و بەرمەبنای دوو شت بوو: بارودۆخ و پێگەی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی، لە سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لەو ئایدیۆلۆژیای بەرهەمی دێنێت یان دەیسەپێنێت « کە دەبێ ڕەتێنراو، ڕەتکراوە، نەفرەتلێکراو، داماو، تاوانبار بە ئاژاوەگێری، بەدڕەوشت و ...هتد بێت». ئەو گوتارەیشی کە هەندێ ڕاستی دەردەخات و ئەو پەیوەندیە سیاسییانە دەخاتەڕوو کە دەرکیان پێنەکراوە، ئەم دوو جۆرە بە سیاسەتکردنە لە یەکتری نامۆ نین، بەڵام بەهێزیش بەیەک ناگەن. جۆرێک لە ڕۆشنبیری» نەفرەتی، ڕەتکراوە» و ڕۆشنبیری «سۆسیالیزم» هەبووە، ئەم دوو جۆرە لە هەندێ کات و ماوە و حاڵەتی پەرچەکرداری توندی دەسەڵاتەوە زۆر بە ئاسانی تێکەڵ و ئاوێتە بە یەک دەبوون، وەک ئەوەی لە ساڵی (1848)و دوای کۆمۆنەی پاریس و ساڵی (1940) ڕوویاندا: ئەو کاتەی ڕۆشنبیر بووە، کەسێکی چەوساوە و ڕەتکراوە، لەو کاتەدا کە شتەکان لە هەقیقەتی خۆیاندا دەرکەوتن، لەو ساتەوەختەدا کە نەدەبوو بوترێت پاشا ڕووتە، ڕۆشنبیر ڕاستیەکەی بەو کەسانە دەگەیاند، کە نەیاندەبینی و بەناوی ئەوانەیشەوە دەدیوت کە نەیاندەتوانی قسە بکەن، ئەمەیە: هۆشیاری و ڕەوانبێژی.

بەڵێ، ئەوەی ڕۆشنبیر خستیەڕوو ئەوەیە کە جەماوەر ئیدی پێویستیی پێیان نەماوە، چونکە جەماوەر لەوان زیاتر و ڕوونتر دەزانن، بەڵام سیستمێکی دەسەڵات هەیە، ڕێگرە لەو گوتار و مەعریفەیە. دەسەڵاتێک نەک تەنها لە دەستە باڵاکانی چاودێریدایە، بەڵکو بە قووڵی و

> ئەوەی ڕۆشنبیر خستیەڕوو ئەوەیە کە جەماوەر ئیدی پێویستیی پێیان نەماوە، چونکە جەماوەر لەوان زیاتر و ڕوونتر دەزانن، بەڵام سیستمێکی دەسەڵات هەیە، ڕێگرە لەو گوتار و مەعریفەیە

ژێرانە چووەتە نێو تۆڕی کۆمەڵگەوە. ڕۆشنبیران خۆیشیان پێکهێنەری بەشێکی ئەو سیستمی دەسەڵاتەن. ڕۆڵی ڕۆشنبیریش ئەوە نییە لە پێناوی وتنی هەقیقەتی کەڕولاڵدا لەوێدا کەمێک بۆ پێشەوە یان بە لایەکدا بجووڵێت و پێگەی خۆی بگرێت، بەڵکو دەبێ لە دژی هەموو فۆرمەکانی دەسەڵات خەبات و ململانێ بکات و هاوکات بیێتە بابەت و ئامرازیش: لە سیستمی «مەعریفە» و»هەقیقەت» و «هۆشیاری» و « گوتاریش»دا. بەو مانایەش بێت تیۆر گوزارشت لە شتێک ناکات و شتێکمان پێنادات و شتێکی دیارکراو بەرجەستە ناکات و تەنها کردارە، بەڵام کردارێکی لۆکاڵییە کە لایەنێک دەیکات و وەک تۆ دەڵێیت: هەمەکی نییە.

ململانێ و خەبات لە دژی دەسەڵات، خەبات لە پێناوی دەرخستنیدا، لەوێدا کەنابینیت و ژێرتر و بە ئەگیبرتر دەبیت، ململانێیەک نا لە پێناوی « گێڕانەوەی هۆشیاریدا». ماوەیەکی زۆرە هۆشیاری وەک مەعریفەیەکی وەرگیراو لەلایەن جەماوەر و وەک بابەتیش یەکێک نییە لەوشتانەی بۆرژوازیەت بایەخی پێدابێت. لەپێناوی ڕووخاندنی دەسەڵات و وەرگرتنیدا شانبەشانی هەموو ئەوانەی خەباتی بۆ دەکەن، تیۆر سیستمی لۆکاڵی، یان سیستمی لایەنەکانی ئەو ململانێیەیە.

**دۆلۆز:** ئەمە تیۆرە بە تەواوی، واتە وەک سندووقێکی شت و مەک وایە، هیچ پەیوەندیەکی بە «دال»ەوە نییە. دەبێ بەکاربهێنرێت و بەگەڕبخرێت، نەک بۆ خودی خۆی. ئەگەر کەسێک بەکاری نەهێنێت، بەو کەسەیشەوە کە تیۆرەکەی داناوە، یان بەو کەسەوە کە چیدی نایەوێت بیێتە تیۆرسین، ئیتر تیۆرەکە بێبەها دەبێت، یان کاتی ئەوەی نەهاتووە بخرێتە کار. ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ تیۆرێک، بەڵکو تیۆری تر دادەنێین، تیۆری دیکەمان هەیە، یان تیۆری تر دادەنێین، شتێکی سەیرە نووسەرێکی وەک برۆست کە وەک ڕۆشنبیرێکی تەواو دەردەکەوێت، بە ڕوونی دەڵێت: چۆن دەڕوانن‌ە دەرەوە بەوشێوەیە بڕواننە کتێبەکانم، ئەگەر ئەو ڕوانینە یارمەتیدەرتان نەبوو ڕوانینی تر بەکاربێنن. دەبێ خۆتان ئامێرەکانتان بدۆزنەوە، کە بێگومان ئامێری بەهێزی جەنگە. تیۆر گشتگیر ناکرێت، بەڵکو فرە دەکرێت و بێگومان فرەیش کرا. دەسەڵات ئیش لەسەر گشتگیرکاری دەکات. تۆیش بە وردی و بە تەواوی دەڵێیت: تیۆر وەک پێویستی لە دژی دەسەڵاتە و (هەر هێندەی تیۆر لە بوارێک لە بوارەکاندا دەکەوێتە کار، بێگومان گۆڕانکاری دێنێتە ئارا و ئیدی بواری

ئر پێویستیی بە گۆڕین دەبێت)، بۆیە چەمکی چاکسازی چەمکێکی گەمژانە و بۆگەنە، چونکە لە لایەن کەسانێکەوە ئامادەکراوە، کە خۆیان بە نوێنەر دادەنێن و قسەکردنیان لە جیاتی خەڵک و بە ناوی ئەوانەوە کردووە بە پیشە، ئەمەیش کارێکە لە کار و ئەگبیرەکانی دەسەڵات و جۆرێکە لە دابەشکردنی دەسەڵات، کە بە سەرکوتکردنێکی فراوان پشتگیری لێدەکرێت، یاخود چاکسازیەکی پێویستە و ئەوکاتیش بە چاکسازی دانانرێت، بەڵکو بزاڤێکی شۆڕشگێڕیە کە لە قووڵاییدا هەڵگری مۆرکێکی کاتیە و سووریش دەبێت لەسەر دووبارە روانینەوە بۆ دەسەڵات لە هەمەکی و پلەبەندیەکەیدا. دیارە شتێکی بەڵگەنەویستە کە لە زینداندا کەمترین و سادەترین داواکاریی زیندانیان بەس دەبێت بۆ رووخاندن و کۆتاییهێنان بە « چاکسازیی «درۆزنانەی بلۆڤان».

ئەگەر منداڵی بچووکیش لە دایەنگەکاندا بتوانن داواکاری و پێویستی و بگرە پرسیارەکانیشیان بگەێنن، ئیدی ئەوە بەس دەبێت بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەیەک لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا. لە راستییشدا ئەو سیستمەی ئێمە ئێدا دەژیین، خۆی لەبەر هیچ شتێکدا راناگرێت و فشەڵیی ئەواویشی لێرەوەیە لە هەموو خاڵ و هەموو ئاستێکیدا، لە هەمانکاتیشدا، سەرکوتکردنی تەواوی خۆی روونـدەکـاتـەوە. پێموایە تۆ یەکەم کەس بوویت لە کتێبەکانتدا شتێکی بنچینەییت فێرکردین و لە بواری کرداریشدا: قسەکردن بە ناوی خەڵکەوە بەدکرداریە، ئێمە گاڵتەمان بە نوێنەریکردن دێت و پێمانوایە نوێنەریکردن کۆتایی هات، بەڵام ناتوانین لەم لێدوانە تیۆرییەوە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە تیۆر بەسەر خەڵکانی پەیوەندیداریدا دەسەپێنێت، کە خۆیان بە کرداری بەناوی خۆیانەوە قسەبکەن.

**فۆکۆ:** کاتێکیش زیندانییەکان کەوتنە قسە تیۆرێکیان لابوو لە بارەی زیندانەکەیان و لە بارەی سزا و دادوەران و دادپەروەرییشەوە، ئەوجۆرە گوتارەی دژ بە دەسەڵات کە گوتاری زیندانییانە و ئێمە بە لادەریان ناودەبەین، گرنگیی هەیە و دەبێ بەهەند بزانرێت، نەک تیۆرێک لە بارەی ئاوانکردنەوە. ئەم گرفتی زیندانە گرفتێکی ناوخۆیی و لاوەکیە، چونکە لە فەرەنسدا ساڵانە تەنها «100»هەزار کەسێک زیندانی دەکرێت، بەڵام خەڵکی خستوەتە نیگەرانییەوە. بەلامەوە سەیربوو خەڵکانێکی زۆر بایەخ بە گرفتی زیندان دەدەن و خۆیشیان زیندانی نەکراون. هەروەک سەرسام بووم بەوەی خەڵکانێکی زۆریش بایەخیان بەگوێگرتن لەو گوتارانە نەداوە لە بارەی زیندانەوە و چۆنیش دواجار هەرچۆنێک بێت گوێیان لێگرتووە و شیکاریان بۆ کردووە؟ ئایا، بە شێوەیەکی گشتی، سیستمی سزاکان نییە کە فۆرمی دەسەڵاتمان بە روونی بۆ دەردەخات، دانانی کەسێک لە زینداندا، هێشتنەوەی بێخۆراک، بێ گەرمی لە زستان و فێنکی لە هاویندا، رێگری لە چوونە دەرەوەی و بێبەریکردنی لە خۆشیەکان بە گشتی.. لێرەدا مۆرکی ورێنەکاریی دەسەڵات بە جوانی دەردەکەوێت. جارێکیان لەگەڵ ژنێکی زیندانیدا قسەم دەکرد و وتی :» کاتێک منێکی تەمەن چل ساڵە بیرلەوە دەکەمەوە، کە رۆژانە بە نانە رەقێک سزا دەدرێم».. بێگومان ناوەڕۆکی بەسەرهاتی ئەم ژنە تەنها بێئەرزشی کردەوەکانی دەسەڵاتمان بۆ ناخاتەڕوو، بەڵکو شێوازی ناهەموار و منداڵانە و کۆنی کردارییمان بۆ دەردەخات، واتە بچووککردنەوەی مرۆڤێک و کردنی بە بخۆری نانی رەق و ئاو، بێگومان لە منالییەوە ئەمەمان فێردەکەن. زیندان ئەو شوێنەیە کە تیایدا دەسەڵات وەک خۆی چۆنە وەها دەردەکەوێت و وەک دەسەڵاتێکی



بە ئاکاریش خۆیمان نیشاندەدات و پێماندەڵێت:» مافی خۆمە سزاتان بدەم، مادام دەزانن دزی و کوشتن کارێکی خراپە». لە زینداندا ئەم جوانییە دەبینین کە دەسەڵات ناتوانێت تیایدا خۆی بشارێتەوە، دەمامک بکات، بەڵکو لەسەر هەقیقەتی خۆی وردەکارترین ستەمکار دەردەکەوێت، ستەمکاریەکی زۆر بێتەرزشانە، بە ئایەتی کە ئەو ستەمکارییە تاژەڵیانەی لە چوارچێوەیەکی ئاکاریدا پاساو دەدات و وەک دەسەڵاتی خێر بەسەر شەڕدا زۆر بە هێمنی بۆمانی ڕووندەکاتەوە».

**دۆلۆز:** پێچەوانەکەیشی ڕاستە، هەر تەنها زیندانییەکان نین، وەک منداڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵکو وەک زیندانییش مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا دەکرێت، منداڵان لە سایەی منداڵییەکدان هی خۆیان نییە، بەم مانایەش بێت خوێندنگە و کارگەکانیش وەک زیندانن..هێندە بەسە بچینە نێو کارگەکانی رینۆ یان هەر کارگەیەک، کە کرێکاران لە ڕۆژێکدا تەنها سێ جار بۆیان هەیە بچنە سەر پێشاو. دەقێکی جێرمی بنتامم دییەوە کە لە سەدەی هەژدەیەمدا پێشنیاری چاکسازیی کردووە لە زیندانەکاندا: بە ناوی ئەو زاراوە باڵایەوە سیستمێکی بازنەیی داناوە، ئەو زیندانە نوێکراوەیە بووە نموونەیەک، بەجۆرێک کە بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو کردمان بە خوێندنگە و بە کارگە و بە زیندان و بە پێچەوانەیشەوە. ئەمە گەوهەری چاکسازگە و وێنەگرتنی چاکسازە. بە پێچەوانەوە، کاتێک خەڵکی بە ناوی خۆیانەوە کەوتنە قسە و کردار و جووڵە، بێگومان لە دژی نوێنەرایەتی کردنی ئاوەژووی نوێنەرایەتیەکی تر ناوەستنەوە، ئەوان لە بەرانبەر

> هەر تەنها زیندانییەکان نین، وەک منداڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵکو وەک زیندانییش مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا دەکرێت، منداڵان لە سایەی منداڵییەکدان هی خۆیان نییە، بەم مانایەش بێت خوێندنگە و کارگەکانیش وەک زیندانن

نوێنەرایەتییەکی هەڵەی دەسەڵاتدا لە دژی نوێنەرایەتی ناوەستنەوە. بۆ نموونە، لە بیرمە دەتوت دادپەروەریی میللی لە دژی دادپەروەری لە ئارادانییە، بەڵکو ئەو دادپەروەریە لە ئاستێکی تردا دەبێت.

**فۆکۆ:** پێموایە لە دەرئەنجامی ڕق و کینەدا دەبوو دادپەروەری و دادوەران و زیندانەکانیش بۆ گەل بێت، بیرۆکەی لەوە باشترمان لا نییە بۆ دادپەروەریەکی باشتر، یان دادپەروەریەکی دادپەروەرانە تر، بەڵام پێش هەر شتێک دەبێ دەرک بە خاڵێکی ئایەت بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە میانەی پەیوەندییەوە بە گەلەوە دەسەڵات دەتوانێت کاری خۆی بکات. ململانێ لە دژی دادپەروەری ململانێیە لە دژی دەسەڵات و پێموانییە ململانێ بێت لە دژی ستەم و نادادپەروەری، یان ستەمی دادپەروەری، یاخود باشتر

بەرێوەچوونی دادپەروەری. دەبێ ئاگادار بین کە هەرجارێک خۆپیشاندان و یاخیبوون ئەنجام دەدرێت، هاوکات لەگەڵ بە ئامانجکردنی فەرمانگەی باج دادگا دەکرێنە ئامانج و دواتر سوپا و دواتریش شێوەکانی تری دەسەڵات. گریمانەکەی من کە تەنها گریمانەیەکە، ئەوەیە کە دادگا میللیەکان لە سەروبەندی شۆڕشدا، کرابوونە ئامرازی بۆرژوازی بچووکی هاوپەیمان لەگەڵ جەماوەردا بۆ ئامادەبوون و چوونە پاڵ بزاڤی خەباتکاری دژ بە دەسەڵات، بەڵام بۆ ئەوەی ئامادە بێت و بچێتە پاڵ ئەو بزاڤی خەباتە، پێشنیاری ئەو سیستمەی لە دادگا کردووە، ئا پشت بەو دادپەروەریە ببەستێت کە دەکرێت دادپەروەرانە بێت، یان پشت بەو دادوەرە ببەستێت کە ڕەنگە حوکمێکی دادپەروەرانە دەربکات. هەمان شێوە دادگا سەر بە ئایدیۆلۆژیای دادپەروەریە کە بریتیە لە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازیەت.

**دۆلۆز:** ئەگەر بارودۆخی ئێستا لەبەرچاو بگرین، دەسەڵات دیدێکی هەمەکی و گشتگیری هەیە، دەمەوێ بڵێم هەموو جۆرەکانی سەرکوتکردن کە لە ئێستادا دەکرێن، لە گۆشەنیگای دەسەڵاتەوە زۆر بە ئاسانی گشتگیر دەکرێن: سەرکوتکردنی ڕەگەزپەرستانە لە دژی کۆچبەران، سەرکوتکردن و چەوساندنەوە لە کارگەکاندا، لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا، لە دژی گەنجان بە شێوەیەکی گشتی. نابێ لە پەرچەکرداری ڕووداوەکانی مانگی مایۆی (1968)دا بۆ هاوشێوەیی هەموو فۆرمەکان بگەڕێین، بەڵکو دەبێ لە ئامادەباشی و ڕێکخستنێکی پلان بۆ داناراو بۆ ئایندەیەکی

نزیکماندا بۆی بگەڕێن. سەرمایەداریی فەرەنسی پێویستیەکی زۆری بە «یەدەک» ی بێکاری هەیە، بۆتەوەی دەستبەرداری دەمامکی لیبرالیزم و باوکایەتیی کاری هەمەکی یان کار بۆ هەموان بێت. لەم گۆشەنیگا ئوندەوە لە: ئەوە هەوڵە بۆ کەمکردنەوەی کۆچبەری کاتێک دەوترێت دەبێ کاری قورس و ریسواکەر بدەین بە کۆچبەران. ئەوەیش چەوساندنەوە و سەرکوتکردنە لە کارگەکاندا کە بویسترێت کارێک بدرێت بە فەرەنسیەکان تا جارێکی تر زەوق و سەلیقەیان بۆ بگێردرێتەوە بۆ کارێک تا بێت قورس و گرانتر دەبێت. خەبات لە دژی گەنجان و سەرکوتکردن لە پەروەردە و فێرکردن، چونکە سەرکوتکردنی پۆلیسی، کە لە زۆر کاتی رابردوودا پەیڕەوکراوە، هەمیشە سەرکوتکردنێکی چالاک و کارایە، لەبەرئەوەی لە ئاستی کاری بازاڕدا پێویستیەکی ئەوتۆمان بە گەنجان نییە، ئیدی هەموو پیشەکان زیاتر ئەرک و رۆڵی پۆلیسی بەجێدەگەیەنن: مامۆستاکان، دەروونشیکاران، پەروەردەکاران بە هەموو شێوەکانیانەوە. شتێک هەیە ماوەیەکی زۆر راگەیەنراوە، ئەویش بێتواناییمانە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە: بەهێزکردن و تۆکمەکردنی هەموو بونیادەکانی پەراوێزخستن و گۆشەگیرکردن، کەواتە لە ئاست سیاسەتێکی فراوان و گشتیی لەوجۆرەی دەسەڵاتدا، بە لەدژوەستانەوە، بەرەنگاربوونەوەی کارایانە، بەرەنگاربوونەوەی خۆپارێزانە دەکەوینە بەرگریکردن لە خۆمان، چونکە ئێمە شتێک گشتگیر ناکەین ئەگەر تەنها لە لایەنی دەسەڵاتەوە گشتیرنەکرێت، ئێمە ئەگەر هەموو

فۆرمەکانی نوێنەرایەتی سەنتەریزمی و پلەبەندی هەموار نەکەینەوە ناتوانین هیچ شتێک گشتگیر بکەین. لە بەرانبەریشدا، ئەوەی دەبێ بیکەین گەیشتنمانە بە هاوبەندیی لاوەکی، واتە سیستمێکی تەواو لە تۆڕبەندەکان، بنکەی جەماوەری و میللی و ئەمەیش کارێکی گرانە. بەهەرحاڵ، واقیع بەلای ئێمەوە بەهیچ جۆرێک لە میانەی سیاسەتەوە گوزەرناکات بە مانا تەقلیدیەکە بۆ ئوانا و شایستەیی و دابەشکردنی دەسەڵات و ئەو دەستانەی بە دەستەی نوێنەرایەتیکردن ناوبراون لە شارەوانی و سەندیکاکاندا، واقیع ئەوەیە رۆژانە بە کردەیی لە کارگە و خوێندنگ و سەربازگە و بنکەکانی پۆلیس و زیندانەکاند دەگوزەرێت. کارێکی بشە تەگەر بزاڤەکە هەڵگری جۆرێک لە زانیاریی پێچەوانە و جیاواز بێت لە زانیاریی رۆژنامەکان.

**فۆکۆ:** ئەم تەستییە و سەرسامبوونمان لەد زینەوەی فۆرمە و شێوەکانی خەبات ناگەڕێتەوە بۆ نەشارەزییمان لە ماهیەتی

دەسەڵات؟ پێش هەر شتێک دەبوو لە چاوەڕوانیی سەدەی نۆزدەدا بین تا بزانین رەتاندن مانای چیە، رەنگە هێشتایش نەزانین دەسەڵات چیە! پێدەچێت مارکس و فرۆیدیش بەس نەبن، بۆ ئەوەی ئێمە لەم شتە زۆر ئاڵۆزە تێبگەین، ئەم شتە بینراو و نەبینراوە، ئامادە و شاراوەیە لە یەک کاتدا کە لە هەموو شوێنێکدا وەبەردەهێنرێت و ئێمە بە دەسەڵاتی ناودەبەین. تیۆری دەوڵەت و شیکاری تەقلیدییانە بۆ دامەزراوەکانی بێگومان بواری بەجێهێنانی ئەرکەکانی دەوڵەت تەواوناکات، چونکە لە ئێستادا نادیاری گەورەی سەردەمە: کێ دەسەڵات پەیڕەودەکات؟ لەکوێدا پەیڕەوی دەکات؟ ئێستا تا رادەیەک دەزانین کێ خەڵکی دەڕەتێنێت، قازانج بۆ کێیە بە کوێ دەڕوا کێ بەکاری دەهێنێت و دووبارەی دەهێنێتەوە.. بەڵام دەسەڵات، دەزانین دەسەڵاتداران خاوەنی قازانجەکە نین و بەدەست ئەوانەوە نییە.


دۆلۆز

لێ چەمکی چینی دەسەڵاتدار ناڕوون و گرفت نییە یان لەسەر بونیادێکی باش دامەزرابێت. هەژموون، سەرکردایەتی، حوکم، کابینەی حوکم، دەوڵەت...هتد، گەمەیەک لە چەمک لە ئارادایە کە دەبێ شیکار و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

لە هەمان کات و بە هەمان مانایش، دەبێ سنووری دەسەڵاتداری بزانین و بە چ نوێنەرایەتیەک و بۆ چ دەستیەک دەکرێت، کە لە زۆربباردا پلەبەندیەکی کەم، چاودێر، پشکنەر، رێگر، بە فشار و سەپێنەرە. لە چ شوێنێکدا دەسەڵات پەیڕەوکەری دەسەڵاتە، کەس باسی ئەمەی نەکردووە هەرچەندە بە ئاراستەیەکدا پەیڕەو دەکرێت، لەگەڵ هەندێک بە ئاراستەیەک و لەگەڵ هەندێکی تریش بە ئاراستەیەکی تردا. نازانین کێ خاوەنداری دەسەڵاتە، بەڵام دەزانین کێ خاوەنی نییە. بە خوێندنەوەی کتێبەکانت بێت «لە نیچەوە»، تا ئەو دەمەی خۆم لە «سەرمایەداریی و دابڕان»وە هەستی پێدەکەم، بەلای منەوە جێی بایەخێکی زۆر بووە، چونکە پێموایە تۆ لە باسکردنی ئەم گرفتەدا زۆر دوور رۆیشتوویت. لەم بابەتە کۆنەی مانا و «دال و مەدلوول» و دواجاریش پرسی دەسەڵات، کە دەسەڵات و ململانێکەی وەک یەک نین. هەموو بەرەنگاریەک لە دەوری سەنتەرێکی تایبەتی دەسەڵاتدا گەشەدەکات یان پەرەدەسێنێت.

لەو سەنتەرە بچووکانەی کە لە ژماردن نایەن : پاسەوانی تەلارێک، بەڕێوەبەری گرتووخانەیەک، دادوەرێک، بەرپرسێکی سەندیکا، نووسەری رۆژنامەوانی، بێگومان بە دانان و دەستنیشانکردن لەلایەن سەنتەرەوە، بەڵام بە باسنەکردن و رانەگەیاندنی لە شوێنە گشتیەکاندا، ئەمە بەرگریە، چونکە کەس ئاگاداری

لە هەمان کات و
بە هەمان مانایش،
دەبێ سنووری
دەسەڵاتداری
بزانین و بە چ
نوێنەرایەتیەک و
بۆ چ دەستیەک
دەکرێت، کە
لە زۆربباردا
پلەبەندیەکی کەم،
چاودێر، پشکنەر،
رێگر، بە فشار و
سەپێنەرە

نییە، بەڵام لەبەرئەوەی وەرگرتنی وشە لەبارەی بابەتەکەوە یان قسەکردن لێی و ناچارکردنی میدیا بە ناونانی، بە گوتنی کردنی کارەکە، بە ناوبردنی ئەوەی کارەکەی کردووە و چیی کردووە، بە دیاریکردنی ئامانجەکە، بە گەڕانەوە بۆ دەسەڵات، بە هەنگاوی یەکەمی بەرگری و خەباتەکانی تر لە دژی دەسەڵات. گوتاری وەک ئەوەی تایبەتکراوە بە زیندانیان، یان پزیشکی گرتووخانەکان، بەرگری و خەباتە، لەبەرئەوەی ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت رێگە بە قسەکردن لەسەر گرتووخانە نادات و تەنها بۆ ئیدارە و یاریدەدرانی چاکسازیەکان قۆرخکراوە. گوتاری بەرگری لەگەڵ نەست و ناهۆشیاریدا دژ ناوەستێتەوە، بەڵکو لەگەڵ نادیار و نهێنیدا دژە. لێرەدا رەنگە لە کەمێک کەمتر و رەنگە لە زۆریش زۆرتر بێت، لەبارەی «نادیار» ، «نهێنیکراو»، « چەپێنراو» ،»نەوتراو» ناڕوونی و ئاڵۆزیەکی زۆر هەیە، کە بە نرخێکی کەمتر لە بابەتی

بەرگریەکە دەروونشیکاریی دەوێت. رەنگە خستنەڕووی «نهێنیکراو» لە خستنەڕووی ناهۆشیاری قورستر بێت، ئەو دوو بابەتەی بەردەوام لە رابردوودا پێیاندەگەین: «نووسین چەپێنراوە»، نووسینیش مافی ئەواوی وێرانکردنی هەیە، پێموایە ناپاکی لەگەڵ هەندێ کردە و پرۆسەدا دەکەن کە دەبێ بە تووندی رەتبکرێنەوە.

**دۆلۆز:** بۆ ئەم گرفتەی تۆ باسی دەکەیت، ئێمە دەزانین کێ خەڵکی دەرەتێنێت و کێیش سوودمەندە و کێ حوکم دەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین دەسەڵات زۆر بەربڵاوە، من گریمانەیەکم هەیە: ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت لە مارکسیزمیشدا ئەم گرفتەی بە چەمکی بەرژەوەندیەوە بەستوتەوە،» دەسەڵات لەلایەن چینێکەوە بەڕێوەدەبرێت، کە بە بەرژەوەندیەکانییەوە دیاریدەکرێت»، بەڵام لە ناکاوڕا بەر ئەم پرسیارە دەکەوین: ئەی چۆنە هەندێ خەڵکی هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە و زۆر بە تۆکمەییش پەیوەندن بە دەسەڵاتەوە و لێیدەخۆن؟ رەنگە چەمکی وەبەرهێنان بە مانا ئابووریە تەستیەکەی بێت، بەڵام سوود و قازانج دواین وشە نییە، چونکە وەبەرهێنانی خواستیشمان هەیە کە پێمان دەڵێت ئێمە دەتوانین خواستەکانمان بەدیبێنین، بێئەوەی دژی بەرژەوەندیەکانیشمان بین، چونکە بەرژەوەندی هەمیشە شوێنکەوتەی خواستە..دەبێ هاوارەکەی «رایش» قبوڵ بکەین: نەخێر، جەماوەر فریونەدراوە، بەڵکو لە ساتەوەختێکدا خواستی لە فاشیزم بووە. وەبەرهێنانی خواستیشمان هەیە، کە دەسەڵات دەکاتە مۆدێلێک و بڵاویدەکاتەوە و وادەکات دەسەڵات لە شێوەی پۆلیسەکەوە هەبێت تا دەگاتە وەزیر، بێگومان جیاوازیەکی رەهایش نییە لەو دەسەڵاتەدا کە

پۆلیس و وەزیر پەیڕەوی دەکەن. مۆرکی وەبەرهێنانەکانی خواستە لە جەستەی کۆمەڵایەتی کە بۆمان راڤەدەکات حیزب و سەندیکاکان بۆچی هاتوونەتە ئارا، کە دەبوو بە ناوی بەرژەوەندیەکانی چینەوە وەبەرهێنانی شۆڕشگێڕانەیان هەبوایە و دەکرا لەسەر ئاستی خواستدا وەبەرهێنانی چاکسازی، یان تەواو کۆنەپەرستانەیان هەبوایە.

**فۆکۆ:** وەک تۆ دەڵێیت، پەیوەندیی نێوان خواست و دەسەڵات و بەرژەوەندی و قازانج زۆر لەوە ئاڵۆزترە ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی وێنای دەکەین، بەڵام خۆ مەرج نییە ئەوانەی دەسەڵات پەیڕەو دەکەن بەرژەوەندییان لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکەدا هەبێت و ئەوانەیش لە دەسەڵاتەوە دوورن بەرژەوەندییان لە دەسەڵاتدا نەبێت، خواست لە دەسەڵاتداری و دەسەڵات لە نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندیدا گەمەیەک دەکات تا ئێستا زۆر تایبەتە.

وایش دەبێت کە جەماوەر، لە سەردەمی فاشیزمدا، خواستی لەوە بێت کەسێک دەسەڵات پەیڕەو بکات و بە تەواوییش تێکەڵی نەبێت، مادامەکی تا مردن و لەناوبردن، تەنانەت بە قوربانیکردن و کوشتنیشیان دەسەڵاتیان بەسەردا پەیڕەودەکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا خواستیان لەو دەسەڵاتە هەر دەبێت. تا ئەم ساتەیش گەمەی خواست و دەسەڵات و بەرژەوەندی نەناسراوە. دەبوو کاتی تەواو هەبوایە بۆ ناسینی رەتاندن، خواستیش بە هەمان شێوە پرسێکی درێژخایەنە. دەشێت ئەو خەباتانەی ئێستا هەن، هاوکات ئیۆرە لۆکاڵیەکان، لایەنگەری، جوداخوازییش کە لەو خەباتانەدا بە پێی خواست پەیوەندن پێوەی و دەبێتە سەرەتای پەیبردن بەو رێگەی دەسەڵاتی پێ بەڕێوەدەبرێت.

**دۆلـۆز:** کەواتە دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکە: بزاڤی شۆڕشگێڕی ئێستا پێگەی زۆری هەیە و ئەمەیش بە لاوازی و کەموکورتی دانانرێت مادام گشتگیرکردن زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و پەرچەکردار. بۆ نموونە ڤێتنام، پەرچەکردار و بەرگرییەکی جوانی ناوخۆی بوو. بەڵام چۆن ئۆڕە هاوبەندە ئاساییەکانی نێوان ئەم خاڵە کارا و لەیەک جیایانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە هەمان وڵاتدا بناسینەوە؟

**فۆکۆ:** ئەم جوداخوازیە جوگرافییەی تۆ باسی دەکەیت رەنگە ئەمە بێت: لەوکاتەدا کە لە دژی رەتاندن خەبات دەکەین، پرۆلیتاریا تەنها خەبات ناکات، بەڵکو ئامانج و رێگە و شوێن و ئامرازەکانی گەیشتنیش بە ئامانجەکان دیاریدەکات، هاوپەیمانییش لەگەڵ پرۆلیتاریا، واتە هاوڕابوون لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستەکانی و وەبەرگرتنی هەمان هۆکارەکانی خەبات و پاساوەکانی ئەو خەباتەی، واتە تێوانەوە و ئاوێتەبوون تیایدا بە تەواوی،

بەڵام ئەگەر جەنگ لەگەڵ دەسەڵات بێت، هەموو ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەردا پەیڕەو دەکرێت و هەموو ئەوانەیشی وەک شتێک دانی پێدا دەنێن، کە خۆی لەبەردا راناگیرێت، دەکرێت لە شوێنی خۆیان و بە دەسپێک لە چالاکیی خۆیان، یان بەدەر لەو چالاکیە تایبەتەیان خەبات بکەن، هاوکات خەباتەکە رابگەیەنن کە خودی خەباتەکە و ئامانجەکانی دەناسنن و دەتوانن رێگەکانی دیاریبکەن و بچنە نێو رەوتی شۆڕشگێڕییەوە، واتە وەک هاوپەیمانی پرۆلیتاریا بکەونە شۆڕش، مادام لە پێناوی پاراستنی رەتاندنی سەرمایەداری چۆن بکرێت بەوجۆرە دەسەڵایان بەسەردا پەیڕەو دەکرێت.

لە کوێدا سەرکوتکردن پەیڕوکرا، بێگومان لە خزمەتی دۆزی شۆڕشی پرۆلیتاریدا دەبێت، ژنان، نەخۆشی نێونەخۆشخانەکان، زیندانیان، سەربازی نێو سەربازگەکان، هاوڕەگەزخوازەکان، هەموو ئەمانە لە خەباتکردنان لە دژی فۆرمی تایبەتی دەسەڵاتی ستەمکاری و زۆرەملێ و ئەو سیستمی چاودێریەی بەسەریاندا دەسەپێنرێت. ئەم خەباتانە بەشێکن لە شۆڕشگێڕی بەو مەرجەی رادیکاڵ و گەوهەری و دوور بن لە سازش و چاکسازی و گۆڕینی شێوەی دەسەڵات. ئەم شۆڕشانە پەیوەندن بەو بزاڤی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریاوە، کە ئەمیش لە دۆخی لە دژ وەستانەوەی هەموو فۆرمەکانی چاودێری و ستەم و زۆرەملێدایە کە دەسەڵات جێبەجێیان دەکات، واتە گشتگیری و فراوانیی خەبات و ململانێ بەو هەمەکێتی و گشتیگیریە ناکرێت، کە کەمێک پێشتر باستکرد، واتە ئەو گشتگیریە تیۆریەی لە فۆرمی راستی و هەقیقەتدایە. ئەوەی خەبات دەکاتە خەباتێکی فراوان و گشتگیر و هەمەکی هەمان سیستمی دەسەڵاتە بە هەموو فۆرمەکانی پەیڕەوکردن و بەرجەستەکردنی دەسەڵاتەوە.

**دۆلـۆز:** بۆیە کاتێکیش ناتوانین هیچکام لەو خاڵانە بەدیبێنین بێئەوەی لە بەرەنگاریی هەموو ئەو کۆمەڵە بەربڵاوەدابین، ئیدی لە پێناوی کەمترین و سادەترین داخوازیدا ناچار دەبین دەسەڵات بڕووخێنین. هەرجۆرە بەرگریەکیان یان هێرشی شۆڕشگێڕانە بەم سیفەتەوە دەچێتە بازنەی خەباتی کرێکارییەوە.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی «المناراث» ژمارە 2724 ی رۆژی 13 ی شوباتی 2013